# كولتووری هەولێر كولتووری ئەخلاقە..............!!!!

## فوئاد سدیق



قسە گەر عیقدی گەوهەر بێ، غەرەض دەیكا بە خەرموهرە
چ تەئسیرێ لە وەعظتدایە ، واعظ وا پڕ ئەغراضی

مەحوی

دیارە ئەخلاق لە هەموو دونیادا هەیە ، بەڵام پێوەری جوداجودای خۆی هەیە ، لە وڵاتانی ڕۆژئاوا كە بە مۆدێرن و نوێخواز ناویان ڕۆییوە، ئەخلاق بریتییە لە ڕاستبێژیو ئینتیماو دڵسۆزی بۆ نیشتمان و دەستپاكیو دڵسۆزی لە كاركردنداو دروستكردنی ئینتیمابۆ هاووڵاتیبوون و....هتد، كەچی بە پێوەری ڕۆژهەڵاتی، ئەخلاق دووركەوتنەوەیە لە دەستبازی كوڕ لەگەڵ كچ ، جا خوای دەكرد ئەو كچەو ئەو كوڕە بەقەد دونیایەك یەكتریان خۆشدەویست!! گەمەی سێكسی هەر زۆر حەرامەو كارێكی زۆر بێ ئەخلاقیانەیە!! جا ئەو گەمەیە با بە ئارەزوومەندانەی نێوان كوڕو كچێكیش بێت، مەشرووب خواردنەوەو زۆر

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شتی دیکە بە پێوەری رۆژهەلاتی دەکەونە خانەی  بیٚ ئەخلاقییەوە..،سەیرەکە لەوەدایە کەسێك بە قسەی خۆی  بانگەشەی نوێخوازی بکات و گوایا لە ولاتانی مۆدێرنەوە هاتۆتەوەو دەیەویٚ ئەو پەیامە جوانەی ئەویٚ بە ئێمە بگەیەنیٚ!! کەچی دێت باس لە کولتوورێك دەکات،کە لە بنەرِەتدا ئەو کولتوورە نەك هەر نامۆیە بە خەلْکی هەولێر ، بەلْکو زۆر نەشازەو دوورە لە هەموو نەریتێکی ئەو شارە.

(٤٠) سالٚ زیاترە لەم شارە چاوم کردۆتەوە، هەولێر جێگەیەکی  بەرچاوی لە قوولْکردنەوەی گیانی برایەتی ، دەستپاکیو دلْسافی خەلْکەکە، قوربانیدان و تێکۆشان لە پێناوی نیشتمان، رەوشت بەرزیو بە ئەمەکیو راستبێژیو دالْدەدانی خەلْکی بێگانەو دووربوونیان لە نەرگسییەت و.....هتدهەبووە، لەم پێناوەدا خەلْکی هەولێر قوربانی زۆریشی داوە،دەکریٚ دەیان نموونە لەم بارەیەوە بۆ مامۆستا رێبوار بهێنمەوە ئەگەر نایانزانیٚ !!  تەنانەت هاتن و سەرهەلْدانی بیرۆکەی عەلمانییەتیش لە کوردستاندا ، هەولێر پێشرِەو بووە، کەسایەتییە مارکسییە یەکەمەکانی هەولێر ناویان لە مێژووی ئاشنابوونی کورد بە عەلمانییەت لە ئاسمانی کوردستاندا زۆر بە جوانی دەدرەوشێنەوەو، کەس ناتوانیٚ لاری لەم راستییە مێژووییە بکات، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەیشەوە، لەهەموو کوردستاندا هەولێر تاکە شارێکە کە بەدرێژایی مێژووی خۆی زۆرترین خەلْکی دیکەی ناهەولێری جا لەهەر شارو شارۆچکەیەکی کوردستان یا هەر پارچەیەکی دیکەی کوردستانەوە بۆ هاتبێت، تەنانەت لە دەرەوەی کوردستانیشی بۆ هاتبێت ، لە خۆ گرتووە، بیٚ ئەوەی ئەو کەسانە بۆ چرکەیەکیش هەستیان بە ناگزووری خۆیان (مەبەست لە ناگزووری نامۆیی کردنیانە لە خەلْکی رەسەنی هەولێر)کردبێت، پێم وایە مامۆستا سیوەیلیش یەکێکە لەو کەسانەی تەنها لە هەولێر دلْی دەکرێتەوەو کورد گوتەنی دلْی ئاو دەخواتەوە!!، هەلْبەت ئەگەر شوێنێکی دیکە، شارێکی دیکەی باشتر لە هەولێری بەلاوە لەبارترو خۆشتر بوایە، بە دلْنیاییەوە  رووی لەویٚدەکرد، نەك لە هەولێر ، چونکە رێبوار لە خەلْکە رەسەنەکەی شاری هەولێر نییە، بەلْکو لەم چەند سالْەداو بەهۆی  بارودۆخی سیاسیو رۆشنبیرییەوە بیٚ، یا لەبەر خۆ تەکوین کردنیەوە بێت، هاتۆتە هەولێرو مالْێکی جوانیشیان بۆی دروست کرد، پیرۆزی بێت!!. ئەمە لە کاتێکدا زۆر مامۆستای دیکە هەن

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خەڵکی ئەم شارەن و بەبێ هیچ گومانێك ڕێبواریش ئەوان بە مامۆستای خۆی دەزانێت، بەڵام دەسەڵاتی کوردی تا ئێستا هیچی بۆ نەکردوون و نایشیکات!،ئەگەر سیوەیلی لاری لەم قسانەم هەیە ، هەولێریانی گوتەنی ئامادەم ئەوەی لەبن بەڕێیە بیهێنمە سەر بەڕێ، ئا لێرەدایە پرسی ئەخلاق زۆر بە جوانی خۆی قووت دەکاتەوە!!.

ئەرێ نێربازی کولتووری هەولێرە؟!، چما خۆشەویستی نێوان کوڕوکچێك بۆ ئەوەیە کوڕەکە جەستەی کچەکە داگیربکات؟؟!!، ئەی بۆ پێچەوانەکەی ڕاست نەبێت؟، یان بۆچی ئاوەها سەیری ئەم پرسانە بکەین؟، خۆشەویستییەك لەسەر بنەمایەکی ئارەزوومەندانەبێت، چ پێوەندی بە داگیرکردنەوە هەیە ؟، بۆچی تێکەڵ وپێکەڵی ئەو دەستەواژانەی بکەین کەساڵەهایە پێوەی دەناڵێنین؟،ئاخر خۆشەویستی ئارەزوومەندانە لە کوێ‌و داگیرکردنی جەستە لەکوێ!!.(عەرەب وێن..........)

ئەوە یەکەمجار نییە سیوەیلی ئاوازێکی نەشاز بە گوێی خەڵکی هەولێر دادەدات، ئاوازێك لەناوبۆنی دەمارگرژی‌و ناوچەگەرێتی‌و هەندێ جاریش شۆڤینییەتدا خەست بۆتەوە، هاتووە باسی تەحسیل حاسڵەکە دەکات، ئەمە لە کاتێکدا خۆی مامۆستای کۆمەڵناسییەو دەبوو لەو هۆکارانەی بکۆڵیبایەوە کە بوونەتە هۆی دروستبوون یا سەرهەڵدانی ئەم جۆرە ڕەفتارە(ڕەفتار نەك دیاردە)، ئاخر لە کۆمەڵناسیدا ناکرێ‌و نابێت بەبێ لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکان و پەیدابوونی هۆکارەکان ئەنجامەکە دەستنیشان بکەیت. دەبا ئێستا بپرسین ئەگەر کولتووری هەولێر نێربازییە، ئەدی بۆچی هەموو خەڵکی ڕەسەنی هەولێر بە نیشاندانی ئەم باندە تاسان؟، تەنانەت باوك و براو خوشك و دایك و خزم و کەسانی باندە تیرۆریستەکەش بە هەمان شێوە تاسان و نەفرەتیشیان لە کوڕەکانیان، براکانیان، خزمەکانیان.........هتد دەکرد . ئەو ڕوونکردنەوەو ئەو دیمانانەی چ لە تەلەفزیۆنە ئاسمانییەکان ، چ لە ڕۆژنامەکانا لەگەڵ خزمە نزیکەکانی ئەو باندە دەکران ، نموونەی زۆر زەق و زیندوون. ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر کولتووری ئەم شارە دێرینە وابوایە کە سیوەیلی بۆی هەڵبەستووە، خۆ دەبوایە ئەسڵەن هەر زۆر ئاسایی بوایە، کە وا نەبوو!.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئینجا دەپرسم ئەریٚ هەولیٚر لە شەستەکانەوە تا راپەڕینی بەهاری نۆهەدویەك داخراوبوو؟؟! تا ئیسلامی سیاسی لە دوای راپەڕین بەرنامەی شەڕانگیٚزی خۆی لە ناو شاری هەولیٚر رەنگڕیٚژ نەکرد، ئافرەتان بە دەگمەن سەرپۆشیان نەدەبەست؟ تا خەڵکی سەر سنوورەکان بە هۆی شەڕی ناوەخۆوە روویان لە سەنتەری شار ( بەڵیٚ ناو دڵی شار) نەکرد هەولیٚر ئاوەهابوو ؟ کویٚ بینیویەتی تا بەهاری نۆهەدو یەك ، دوکانی تایبەت بۆ فرۆشتنی حیجاب لەو شارە هەبوبیٚت؟ تا ئەو میٚژووە کویٚ پیٚشتر بینیویەتی تیزاب بە ئافرەتی مۆدە داکرابیٚت؟ کەی دوکانی مەشرووب فرۆشان تەقیٚنراوەتەوە؟ باشە کە ئەمانە هەمووی لە دوای راپەڕینەوە بووبن ، ئەی باشە خیٚرە ئەو خەڵکە رەسەنەی هەولیٚر لە نیٚوان شەوو رۆژیٚکدا عەرەب گوتەنی(بین لیلە وچحاها) سەدو هەشتا پلە وەرسووڕانەوە؟؟!! ئەو پرسیارە بۆ هەموو ئەوانەیە کە وادەزانن هەولیٚر پڕە لە ئەژدیها، وا دەزانن هەولیٚر شار نییەو...، لە کاتیٚکدا هەموو ئەوانەی بەو عەقڵیەتەوە دەژین، خۆیان بەشیٚك بوونە لەو دیٚوەزمەیەی بەسەر ئەو شارەیان داهیٚناوە ، بە عەقڵیەتی نەزۆکی هیٚندیٚك لە مامۆستایانی ناو زانکۆش کە زۆر تاکلایتانە دەڕواننە هەولیٚرو نغرۆی ناو نیفاق و خۆ پەرستیو دووڕوویی و ئیزدیواجیەت بوونە. نابیٚ ئەوەش لە بیر بکەین، ئەوانەی دوکانی مەشرووبیان دەتەقاندەوەو هۆیهایان لەکیژۆڵە جوانەکانی شارەکەم دەکردو تیزابیان پیٚدا دەکردن، ئەوانە بەردەوام لە هەولیٚرەوە بەرەو هەڵەبجەو تەویٚڵەو بیارە دەچوون و لەویٚ لە کونە شاخەکانی هەورامان تەڵقین دەدران و، را دەهیٚنران ، ئینجا دەگەڕانەوە بۆ هەولیٚرو ئەم کارانەیان دەکردو بەبەرچاوی دەسەڵاتی کوردیشەوە دەیانکرد!. ئەم زرووفە بوو وایکرد گرووپی شیٚخ زانا دروست ببیٚت و خواش دەزانیٚ سبەی گرووپی شیٚخ دانا یا چ شیٚخیٚکی دی ئاشکرا دەکریٚن !.لەمەشیاندا ماڵویٚرانییەکە هەر بۆ هەولیٚر بوو، دەنا کام شار بەقەد هەولیٚر گیانی لیٚبوردەییو قەبوڵکردنی ئەویدیکەی هەبووە؟ ئەمە دەمار گرژیو ناوچەگەریٚتی نییە ، ئەگەر سیوەیلی شاریٚکی دیکە شك دەبات با ئیٚمەش بیزانین!، ئاخر کام شار وەکو هەولیٚر خەڵکی ناوچەکانی دیکەی تیٚدا لەخۆگرتووە، هەر لە هەورامان و شارەزوورو پیٚنجویٚنەوە تا دەگاتە زاخۆو لەویٚوەش تا شیٚخان و تەنانەت خەڵکی بەغداش.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەو هەموو عارەبەی کە ئێستا ناو هەولێری سەرریژ کردووە لە هیچ شارێکی دیکەی کوردستاندا نموونەی نییە ، ناوچە گەشت و گوزارییەکانمان لەبەر خەڵکی عارەب و ناهەولێری ، خەریکە خەڵکە هەولێرییەکە دەبنە خەڵکی غەریبەو بێگانە لەو شوێنانەداو ، تەنانەت لەناو جەرگەی شاری هەولێریش ، وەك دەڵێن (من بوومەتە بێگانەو بێگانە خاوەن ماڵە) باشە لەبەرچی خەڵکی گەرمیان و کەرکووك و شارەزوورو هەورامی و سلێمانی و دهۆکی و.........و.........ئامادە نین بچنەوە ئەو ناوچانەی کە چاویان لێی هەڵهێناوە؟بۆچی ئامادەنین هەولێر بە جێ بهێلن ؟! ئەمە پرسیارە! چونکە سیوەیلی یەکێکە لەوانەی کە ناتوانێ هەولێر جێ بهێڵێت، بە دڵنیاییەوە ئەوەی لە هەولێر بۆی دەچێتە سەر ، لە هیچ شارێکی دیکەی کوردستاندا ناتوانێ بەم شێوەیە رەفتار بکات.

هەرچی رووی لە هەولێر کرد موستەفید بوو!! لەناو دڵی هەولێر کە بازاڕی هەولێرە، بوون بە خاوەن دوکان و کۆشك و تەلاری زۆری بێ وێنە، هەر خەڵکی رەسەنی هەولێریشن بۆ بژێوی ژیانیان ناچارن (بەڵێ ناچارن !!) لێیان بە کرێ دەگرن و ئەو ژیانە کولە مەرگییەی خۆیانی پێ هەڵدەسووڕێنن. سەیری ئەم مەهزەلەیە بکە!!

لەم چەند ساڵەی دوایی نوکتەیەکی خۆش بڵاوببۆوە ، گوایا خەڵکی ناهەولێری وتوویانە ( هەولێر شارێکی زۆر خۆشە، بەڵام هەولێرییەکان تێکیان داوە!!) رێك ئەم قسەیەی سیوەیلیش هەمان ماناو ناوەرۆك دەبەخشێ، هەر ئەوەندە ماوە پێمان بڵێن بارکەن برۆن.

بۆیە ئێستا ئەگەر بڵێین لەبەر زۆری خەڵکی ناهەولێری و ، لەبەر بە لێشاو هاتنی خەڵکی لایدە بۆ ناو هەولێر ، خەریکە کولتوورەکەی هەولێر ، کە راستگۆیی‌و خاوەن بەڵێن و خاوەنی قسەو لێبوردەیی و دڵ کردنەوە بۆ ئەوی بەرامبەرو........هتد خەریکە ون دەبێت ، لە جیاتی ئەم رەفتارانەی کە مۆرکی هەولێرییان پێوەیە ، وا خەریکە دووڕوویی و ئیزدیواجیەت و دیماگۆجییەت و کردار پێچەوانەی گوفتارو.......هتد جێگەی دەگرێتەوە! باشە کێ بەرپرسە لە گواستنەوەی کولتووری یەکەم کە هی خەڵکی رەسەنی هەولێرییانە ، بۆ کولتووری دووەم کە هی خەڵکی لایدەو نا هەولێرییانەو ، خەریکە هی دووەمیش دەبێتە باو؟!.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تاوان و گوناهی خەڵکی هەولێر تەنها ئەوەندەیە، خەڵکی دەرەوەی هەولێر لە ئامێز دەگرێت و، لێبوردەیە ، بە داخەوە لەم سەردەمە جەنجاڵەدا قوربانی زۆریشی داوە، بە تایبەتی لە دوای راپەڕینەوە ، تا ئەمڕۆ هەولێر زۆرترین قوربانی داوە ، لەلایەك شەڕی ناوەخۆ هەر تەواو رووی هەولێری ناشیرین کرد ، خەڵك لە گەرمیان و هەورامان و بادینانەوە دەهاتن لەسەر هەولێر شەڕیان دەکرد ، خۆ هێندە لەمێژ نییەو چاکمان لە بیرەو هێشتا هەر لەبەر چاویشمانە(لەبەرچاومانە چونکە کەسوکاری نزیکمان کرانە خەڵووزو سووتەمەنی شەڕەکە) شەڕی ناوەخۆ کۆڵان بە کۆڵان ی ناو شاری هەولێری گرتەوە ، لە کاتێکدا لە هیچ شارێکی دیکەی کوردستاندا بەم شێوەیە نەبوو، ئەمە سەرباری ئەوەی زۆرترین دزی و راورووتی تێدا کرا ، هێزی پەڕۆو پاتار جارێك بەهۆی داگیرکردن و جارێك بە هۆی رزگارکردن و ...و... روخساری جوانی شارەکەمیان تەواو قێزەون کلرد. جا لە جیاتی ئەوەی پاداشتی ئەم ئەم شارە بدرێتەوە ، کە بە ئاگری شەڕی ناوەخۆ سووتاو ، داوای لێبوردن لە خەڵکی ئەم شارە دێرینە بکرێت کە لە ماوەی (١٤) ساڵی رابردوودا گەورەترین و زۆرترین غەدریان تێدا کردووە ، دێن هێشتا هەولێر قەرزبار دەکەنەوە !!، دێن زۆر بێ شەرمانە هەولێر بە شارێکی نێربازی ناونووس دەکەن !! ، ئەمە ئەگەر کەسێك لە ژیانیدا هەولێری نەدیبایەو بە خەڵکی بە ئەمەکی هەولێریش ئاشنا نەبوایەو هەڵبەت مامۆستای زانکۆش نەبوایە ، رەنگە هێندە بە هەندمان هەڵنەدەگرت ، بەڵام مامۆستا رێبوارێك کە لە زۆربەی هەرە زۆری نەك هەر تەنها خەڵکی هەولێر ، بەڵکو لە زۆربەی رۆشنبیرانی شاری هەولێر موستەفید تر بووە و خێرێکی زۆری لەناو ئەم شارە بینیوە ، دیسان پیرۆزی بێت.بۆیە نەدەبوو ئەوەندە بێ ئەمەك بوایە ، ئەمە ئەگەر هەولێرییەك نیوەی ئەو خێرو بێرەی سیوەیلی لە هەر شارێکی دیکە بدیبوایە ، هەرگیز لە بیری نەدەکردو ، هەمیشەش خۆی بە قەرزاری ئەو شارە دەزانی.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەگەر مامۆستا رێبوار کردارو گوفتاری یەك بوایەو وەك رۆشنبیرێکی سەربەخۆو نیشتمانپەروەر بدوابایە، من یەکەم کەس دەبووم کە رێزێکی زۆر تایبەتیم بۆی دەبوو، من یەکەم کەس دەبووم کە پشتگیریم لێدەکرد، بەڵام یەکێك کرداری هەر زۆر دژە گوفتاری بێ، هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە بێت بەرپرسیارییەتێکی دیکەی لە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئێستا گەورەتر وەربگرێت، رۆژانە لە هەوڵی ئەوە دابێت زیاتر خۆی قەڵەو بکات و مەوقیعێکی مومتاز وەربگرێت (کە هەر چەندی دەکات نایدەنیٚ) ئەوا لەلای من ئەگەر قسەکانیشی جوان بن وەك گوڵێکی جوانی لە نایلۆن دروست کراوی بیٚ بۆنن، لەلای من وەکو دارێکی بیٚ سێبەرن، وەکو...... وەکو.....

سیوەیلی مادامەکی ئەوەندە بەرد دەگرێتە خەڵکی، قەت نەدەبوو لە خانوویێکی بە شووشەو کریستال دروستکراو دابنیشیٚ!! قەت نەدەبوو کە بڕوانامەی ماستەری هەیە، جارێك یاریدەدەری راگری کۆلیژی ئاداب بۆ کاروباری کارگێڕی و جارێکیش یاریدەدەری راگری کۆلیژ بێت بۆ کاروباری زانستی ، لە کاتێکدا هیچ کام لەم دوو شوێنە هی ئەو نین، هی ئەو نین چونکە یەکەمیان بۆ کەس ناشێت کە خۆی بە رۆشنبیر بزانێت و کەچی خەریکی رێکخستنی پۆلیسی بەر دەرگاو پرسگەو خاوێنکردنەوەی ژوورو هۆڵەکان و هەروەها کڕینی کورسی و قەنەفەو.... هتد بێت!! کاری رۆشنبیر زۆر لەم شتانە گەورەترە، ئەم کارانە بە کەسێکی زۆر ئاساییش دەکرێت!! بۆ ئەوەی دووهەمیشیان دەتوانم بڵێم گەورەترین کۆلیژی ناو زانکۆی سەلاحەدین کۆلیژی ئادابە، هەر لەبەر ئەم زۆری و گەورەییەشی بوو کرا بە دوو کۆلیژ، بەهۆی ئەم گەورەییەوە کۆمەڵێك مامۆستای دکتۆرو پرۆفیسۆری یاریدەدەرو پرۆفیسۆری تێدایە، بابایەکی وەکو رێبوار کە تەنها ماستەری هەیە، چۆن رێگەی بەخۆیدا لەنێو ئەو مامۆستایانە ببێت بە یاریدەدەری راگر بۆ کاروباری زانستی، لە کاتێکدا وەك وتم پرۆفیسۆرو پرۆفیسۆری یاریدەدەری زۆری تێدایە کە رێبواریش وەکو من باشتریش دەیانناسیٚ، ئەمە رەفتاری کەسێکی رەخنەگرە .؟!

دیارە نابێت، لە ئاست گوناهەکانی دەسەڵاتی کوردیش بێدەنگ بین، ئەو دەسەڵاتە کوردییەی وای لەو شارە کرد، چی خەڵکی سەر سنوورەکان هەبوو هێنایە ناو جەرگەی شاری هەولێر، ئاخر بە هەموو پێوەرێك دەبوایە کۆمەڵگایەکی جوانیان (ئەگەر لە دوورە شاریش نەبوایە لە نزیك شاریان ) بۆ دروست بکرابوایە، نەك ناو جەرگەی بازاڕی هەولێر ئاپۆرەی بێت لە خەڵکی لایدە.

گوناهێکی دیکەی دەسەڵاتی کوردی ئەوە بوو، لە جیاتی ئەوەی خەڵکی رەسەنی هەولێر ئەوانەی کە لە رێگای کوردایەتییەوە دروست بوون و قوربانیان داو، شەونخونیان

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چێشتووو خۆشەویستی ئەو شارەشن، کەچی زۆر بە ئاسانیفەرامۆشیان دەکەن، پەراوێزیان دەکەن، کەچی دێن زۆر پوختە خەڵکی کۆنە جاش و کۆنە بەعسی و کۆنە رەفیق و کۆنە ئەنفالچی و... کۆنە..... دێننە پێش و پێگەو جێگەیەکیان پێ دەبەخشن کە زۆر زۆر لە جێگەو پێگەکەی جارانی بەعس باشتر بێت!! ئاخر زۆر تاوانبار هەن لە سەردەمی بەعس تاوانبار بوون، ئەنفالچی بوون، ئازارو ئەشکەنجەی خەڵکیان دا بوو، کەچی لە سایەی دەسەڵاتی کوردی بەرزکرانەوە، لە بەعس باشتر یارمەتیان دان، ئەمەش روویەکی دیکەی ئەو ناهەقیەیە کە دەرهەق بە خەڵکی هەولێر دەکرێت.

یارییەکی زۆر سەیرە!!، بۆچی جاشەکانی خەڵکی هەولێر، بەعسیەکانی هەولێر، ئەنفالچیەکانی هەولێر، دەکرێن بە واجیهەی ئەو شارەو ئیبراز دەکرێن و پشتیان دەگیرێت و یارمەتیان دەدرێت (ئەمە لوغزێکەو پێویستە رووی راستییەکان ئاشکرا بکرێن) ئاخر ئەنفالچی کەی نوێنەری هەولێرە، لە کاتێکدا هەولێر دڵی راپەرین و شۆڕشەکانی کورد بووە، پێشمەرگەکانی هەولێر نموونەی گیانفیدایی شارەکەو تەنانەت کوردستانیش بوونە، کێ لاری لەم قسانەم هەیە، تا دەیان نموونەی گیانفیدایی ئەو شارەی بە روودا بدەم، کە داستانی زۆر مێژوویان تۆمارکردووە. لەبەر ئەوە خەڵکی رەسەنی هەولێر ناهەقی نییە وەکو پشکۆی ژێر خۆڵەمێشی لێ بێت، دەسووتێ زۆر بە هێمنی دەسووتێ.

ناهەقی نییە نامۆیی لە ناو گەڕەکەکەی خۆیشی بکات، کاتێ دەبینێ دراوسێکەی تا دوێنێ راوی پێشمەرگەی دەکردو کەچی ئێستاش هەر ئەو گەورەو سەردارو سەروەری گەڕەکە! فەرموون لێم بپرسن بڵێن کوا شتی وا هەیە؟، تا لەم بارەیەوە یەك دەرزەن نموونەی زیندووتان پێشکەش بکەم، تەنانەت زۆرجار ئەم قسانەم، رووبەڕووش لەگەڵ هەندێك بەرپرسان کردووەو لەم بارەیەوە گومرگانەشم داوە، بەڵام ویژدانم ئاسوودەیە، چۆن دەکرێ جاشێك ببێتە حاکمی شوێنی لە دایکبوونم و حوکمی ئەو شوێنەم بکات؟!

ئەم پرسیارەی من ئاراستەیە بۆ خودی دەسەڵاتی کوردی، فەرموو با لە ئیمڕۆوە لێکۆڵینەوەیەك لەم بارەیەوە بکات و لاپەڕەیەکی نوێ هەڵداتەوە، چونکە ناکرێ خەڵکی هەولێر هێندە خۆیان بە مەغدوور بزانن، بە شێوەیەك وا هەست بکەن کە ئەسڵەن ئەو شارە هی ئەوان نییە، هەڵبەت لە رووی دەروونیشەوە بەردەوام تووشی ئازارو شڵەژان و... و...و

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەبنەوە، کەچی ڕێبوارە فەندییەك سەرباری ئەم هەموو ئازارو موعاناتە بە سوێیەی خەڵکی هەولێر، دێت شارەکە بە کولتوورێکی نێربازی لە قەڵەم دەدات، ئەمە هەڵە نییە، بەڵکو ئەمە تاوانە، تاوانێك وەك ئەوەی لە مانگی ڕەمەزاناو لە ڕۆژی هەینی داو، لە ماڵی خوادا (مزگەوت) بێیت زینایەك بکەیت یان شەریکێك بۆ خوا دروست بکەیت، ئەم تاوانە بەپێی شەریعەتی ئیسلامی چەند زەبەلاحە، لای مرۆڤدۆستانیش بەگشتی و لای خەڵکی ڕەسەنی شاری هەولێریش ئەوەندە گەورەیە.

من گومانم هەیە کە دوورنییە سیوەیلی هان درابێت، ئەگینا چ ئەزموونێکی ئەوتۆی لەم شارە دێرینە نییە، چەند ساڵێکە لە هەولێرە کە لە پەنجەی دەستێك تێپەڕ ناکات ،ئەی چۆن ئاوا بە ڕەهایی قسە دەکات؟!.

بەداخەوە، ڕۆشنبیرانی هەولێریش تائێستا نەبوونەتە هێزێکی یەکگرتوو، هێشتا ئەوانیش پارچە پارچەن، بۆیە حسابێکی خراپیان بۆ دەکرێت، تا ئێستا لەسەر دوو بابەتی پێویست قسەی خۆیان نەکردووە، ئەگەر هەوڵێکیش هەبێت زیاتر هەوڵی تاکە کەسیی بووە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا گرفتێکی دیکەیە، بەڵام ئەگەر تا ئەمڕۆش ماڵی ڕۆشنبیرانی هەولێر وابووبیٚ، پێم وایە پێویست دەکات ئیتر ئەوانیش لەمەودوا ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەناودا بکریٚ، جا ئەگەر یەکێتی نووسەرانی هەولێر بەم کارە هەڵبستێت، پێم وایە خراپ نییە، ئەگینا ناچار زەرووڕەتی دۆخەکە ئەوە دەخوازیٚ، گرووپی بەهێز دروست ببێت، کە بتوانن لەکاتی پێویستدا قسەی خۆیان بکەن و دەسەڵاتی کوردیش ناچار بکرێت گوێیان لیٚ رابگرێت. کەواتە ئەگەر دوێنیٚ زووبوو، سبەش درەنگە، با ئەمڕۆ بەجدی بیری لیٚ بکەینەوەو هەنگاوی بۆ بهاوێین.

لە ڕاستیدا زۆرم مابوو دەرهەق بە مامۆستا ڕێبوار بیڵێم، بەڵام ئێمەی هەولێری، هەمیشە دڵمان فراوان بووەو زۆرجاران چاومان لەو جۆرە غەدرانەش پۆشیوە کە بەرامبەرمان کراوە، بەڵام کە لێی ڕژاوەتەوە بەرگرییەکی زۆر بیٚ وێنەمان کردووە، مێژووی شەش هەزار ساڵ پێش ئێستا تا ئەمڕۆ دونیایەك حەقیقەتی جوان و دروستیان هەڵگرتووە، دەکریٚ ڕێبوار سوودیان لیٚ وەربگریت.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئیتر ئەگەر کولتوری هەولێر نێربازییە، ئەدی خێرە ماموستا ڕێبوار هات لەناو  ئەم کولتوورە نیشتەجێ بوو! ئەمەیان پرسیارە هیوادارم وەڵامی هەبێت. چونکە ئێمەی خەڵکی ئەم شارە بەم کولتورەمان نەزانیوە بۆیە هیوادارم سیوەیلی چۆنیەتی پێزانینی خۆی بەم کولتوورەو ئاشنابوونی بەم کولتوورەمان لە توێژینەوەیەکدا بۆ ڕوون بکاتەوە!!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com